

هۆنراوەی شاڵاو علي

## له هەر كوێ بی

له هەر كوێ بی له هەر لایه
عیشقت گەورەو بێ هاوتایه
بــێ گـــــومان به تازه ئیتر
خــۆشەویستیت له دڵــمایه

هەرچـــــــی بڵێن لێرەو لەوێ
چۆنت باس كەن چۆنیان دەوێ
نەكەی ئیتر دڵ له دڵ دەی
دڵم هەر ئەتۆی خۆش دەوێ ..

بۆ كوێ بڕۆی بۆ كام هەوار
له كوێ هەلدەی بارگەو دەوار
كەسێكی دیكه شك نابەم
هەرتۆ ی یەكەم و دوا دڵدار ...